ڕێکخراوەی مافی ژنی کورد- مافی مرۆڤ بەم جۆرە کۆتائی کۆنگرەی پێنجەمی خۆی لە رێکەوتی ٢٠ ئاپریلی ٢٠١١ زائینی لە شاری سلێمانی رادەگەینێت :

کورتەی پەسەندکراوەکانی ئەم کۆنگرە بەم چەشنەن :

ناوی رێکخراوەکە بگۆردرێت بۆ " **مافی ژنی کورد**".

گەڵالەی پێشنیارکراو بۆ پلاتفۆرمی هاوبەشی ژنی کوردی رۆژهەلاتی پەسەند کرد و ئەرکی وەرگرتن و پێداچونەوەی پێشنیارەکان و ڕەخنەکان، و هەروەها بە دواداچونەوەی پەیامە هاوکاریەکانی، خستە سەرئەستۆی بەرێوەبەری تازە.

کۆنگرە بریاریی دا پلاتفۆرمی پێشنیاری خۆی لە کۆنفرانسی ژنانی ڕۆژهەلات دا پێشکەش بکات و هەروەها داوای لەهەمو چالاکانی خەباتی یەکسانی کرد کە پاڵپشتی ئەم هەنگاوە بنو بۆ دەوڵەمەند کردنی ئەم پلاتفۆرمە هەنگاو گەڵگرن.

بە بۆنەی وەرگرتنی ئەندامانی تازە، کۆنگرە بڕیاری دا " ڕێکخراوی مافی ژنی کورد " لە باشور دا بمەزرێت.

بڕیاردرا کۆنگرەی ساڵی داهاتویش لە باشوری کوردستان بە ڕێوە بەرێت.

ئەندامانی دەستەی بە ڕێوەبەری نۆێ بۆ ماوەی یەک ساڵ هەربژێردران کە بریتین لە:

بەدری تەوحیدی، کوبرا کەریمی، جینا توتاغاجی، نەسرین مۆهتەدی، روفیا رەمەزان عەلی، فریشتە گۆڵپەروەر. پرشنگ بلووری، بەناز عۆمەر، تانیا زاهیر جەلال، شەهین قادری دوست، مەعسومە شافیعی، نشات شەریفی، ناهید موکری.

لە کۆتایی دا ڕێکخراوەی " مافی ژنی کورد" ڕێز و سپاسی بێ پایانی خۆی ئاراستەی هەموو ئەو کەسانە دەکات کە بۆ بەڕێوە بردنی کۆنگرەیکی سەرکەوتوو ئاسانکاریان بۆ کردین، یارمەتیان داین، بەرەو پیری بەنگەوازەکەمانەوە هاتن و بە بەشداریان کۆنگرەکەیان دەوڵەمەند کردین.

ڕێکخراوەی " مافی ژنی کورد"

٢٠١١/٠٤/٢٠
سلێمانی